# دۆسیەی ئاسایشی پارێزگای کەرکوک رادەستی پۆلیس دەکرێتەوە

هەفتەی رابردوو هێزەکانی فرەرەگەز رایانگەیاند کە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن تا دۆسیەی ئەمنی شاری کەرکوک رادەستی پۆلیسی شارەکە بکەنەوە. ئەم هەواڵەش کاردانەوەی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە.

حکومەتی بەغداد خۆشحاڵی خۆی بۆ رادەست کردنەوەی دۆسیەی ئاسایشی شارەکە دەربڕیوە، بەڵام پێیوایە کە دەبێ هۆزو عەشیرەتەکان وەکو هێزی پشتیوانی (ئیسناد) کۆبکرێنەوە، هەرچی لایەنی کوردستانیشە رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنی شارەکە بە ئەرێنی دەنرخێنێ و پێیوایە کە پۆلیسی پارێزگای کەرکوک شیانی ئەوەی هەیە کە دۆسیەکە لە ئەستۆ بگرێ و ئاسایش و هێمنایەتی شارەکە بپارێزێ، بەڵام زۆر بە توندی پێکهێنانی هێزی ئیسناد رەت دەکاتەوەو بە کارێکی هەڵەو پێچەوانەی دەستووری لێکدەداتەوە. لایەنی کوردستانی پێیوایە کە گرفت و کێشەکانی پارێزگای کەرکوک سیاسین و بەئەنقەست خولقێندراون و قوڵ کراونەتەوە، هەربۆیە بۆ نەهێشتنی ئەو گرفت و ئاستەنگانە رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئاسایشی شارەکە بەباش دەزانێ، پێیوایە کە هێزەکانی پۆلیسیش ئەو توانایەیان هەیە کە بیپارێزن. لەبەرانبەر ئەوانەشدا لایەنی بەرەی تورکمانی کە وەک داردەستی تورکیا ناسراوە ناحەزی خۆی بۆ رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنی شاری کەرکوک دەربڕیوەو پێیوایە کە هێشتا پۆلیس و ئاسایشی شارەکە توانای ئەوەیان نیە کە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، بەوهۆیەشەوە داوا دەکەن کە بۆ ماوەیەکی دیکەش ئەو دۆسیەیە لە دەستی هێزە فرەرەگەزەکاندا بمێنێتەوە.

جیاوازی بۆچوون لەسەر رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنی شارەکە وەکو کێشەو گرفتەکانی دیکە روانینی سیاسی خۆی هەیە، هەرچی حکومەتی بەغدادە دەیەوێ هەرچی زووترە دۆسیەی ئەمنی پارێزگاکانی سەلاحەدین و کەرکوک و بەغداد رادەستی خۆی بکرێتەوە، ئەمەش بە سەرکەوتن بۆ خۆی لێکدەداتەوە، بەتایبەتیش پێکهێنانی هێزەکانی ئیسناد بە هێزی پشتیوان بۆ حکومەت پێوانە دەکات، حکومەتی نوری مالکی دەیەوێ بە پارەی دەوڵەت هێزی زیاتر بۆ خۆی و حزبەکەی کۆ بکاتەوە، هەرچی لایەنی کوردستانیشە دەیەوێ بەهۆی رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنی شارەکە، پێگەی خۆی جێگیرتر بکات، توانای خۆی بەباشتر بنوێنێ و کوردستانی بوونی شارەکە پێشان بدات، بەڵام بەرەی تورکمانی وەک رەوشتی هەمیشەیی دەیەوێ پێچەوانەی هەر کار و داخوازییەکی لایەنی کوردستانی بوەستێتەوە، ئەم بۆچونە جیاوازانەش راستەوخۆ زیان بەبەرژەوەندی پارێزگاکە و دانیشتوانەکەی دەگەیەنێ.

بێگومان هەر سێ لایەن ئەو راستیە دەزانن کاتێک باراک ئۆباما لە دوو مانگی داهاتوودا دەستەڵاتی کۆشکی سپی وەردەگرێ، ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق گۆڕانکاری بەسەر دادێ. باراک ئۆباما لە ماوەی رکابەری هەڵبژاردندا سەرسەختانە باسی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرد، بەوهۆیەوە دوای هاتنی باراک ئۆباما، ئیدی هێزەکانی ئەمریکا نایانەوێ قوربانی زیاتر لەپێناو ئاسایشی شارەکانی عێراقدا بدەن، بەرپرسیارێتی لەسەر شانی خۆیان لادەدەن و لە سەربازگەکاندا جێگیر دەبن. بۆیە ئێستا قسەکردن لەسەر رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنی شارەکان وەک خەمی هەمووانی لێهاتووە، هەمووان دەیانەوێ گێرانەوەی دۆسیەی ئەمنی لەبەرژەوەندی خۆیاندا تەواو ببێ، ئەمەش پرۆسەیەکی ئاسان نیە، پێویستی بە دانوستاندن و رێککەوتن هەیە.

لایەنی حکومەتی مالکی گرەو لەسەر رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئاسایش دەکات، دەیەوێ بەوهۆیەوە لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینە مسۆگەر بکات، لانی کوردستانی دەیەوێ بەوهۆیەوە گلەیی و گازاندەی کوردستانیان کەم بکاتەوە، هەرچی بەرەی تورکمانیە دەیەوێ لەو رێگەیەوە باشتر خزمەت بە بەرژوەندەکانی تورکیا بکات، بەتایبەتیش خزمەت بە بەرژەوەندەکانی دەزگەی سیخوڕی و سەربازی کە دژ بە پارتی دادو گەشەپێدان سەنگەریان گرتووە، بەڵام ئایا هەرسێ لایەن پێوانەی وردیان بۆ پێشهات و رووداوەکان کردووە؟!

**قاسم کەرکوکی**

# کۆنفرانسێکی برۆکسل، رەشەکوژی دەرسیم بە جینۆساید دەناسێنێ

کۆنفرانسی دەرسیم کە رۆژی ١٣-١١-٢٠٠٨ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا، ئەو رەشەکوژییەی کە ساڵانی ١٩٣٧و ١٩٣٨ لە شاری دەرسیم ئەنجام درابوون بە جینوساید ناساند.

لەباڵاخانەی پەرلەمانی ئەوروپادا لە شاری بروکسل، پێتەختی وڵاتی بەلجیکا کۆنفرانسی دەرسیم پێکهات، کۆمەڵەی نۆژەنکردنەوەی دەرسیم بە پشتیوانی فەلەکناس ئۆجای پەرلەمانتاری ئەوروپا پێکیهێنابوو.

لەو کۆنفرانسەدا هەریەکە لە شەرەفەدین خالیس، و ئایسەل توگولک ئەندامانی پەرلەمانی تورکیا، سونگول ئابدیل شارەداری دەرسیم، حەیدەر عیشق سەرۆکی نۆژەنکردنەوەی دەرسیم، هیلدا چۆبانیان سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەی ئەرمەنیان لە ئەوروپا، پرۆفیسۆر رۆنالد مۆنچ پەرلەمنتاری پارتی چەپی ئەڵمانیا وتاریان داو راوبۆچوونی خۆیان دەربڕی. ئەمە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی ئەوروپی و کوردستانی بەشداریان تێدا کردبوو.

وتاربێژان زۆر بە وردی باسی پیلانی رەشەکوژی شاری دەرسیمیان کردو رایانگەیاند ئەوەی لە ساڵانی ١٩٣٧و ١٩٣٨ لە دەرسیم بەرێوەچوو، پلانێکی جینۆسایدی بەرنامەرێژ بووە.

کۆنفرانسەکە بە راگەیاندراوێک کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، لەو راگەیاندراوەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەو رەشەکوژیەی کە لە ساڵانی ١٩٣٧و١٩٣٨ لە دەرسیم روویداوە، جینۆسایدبووەو لەبەرانبەر کورددا پێکهاتووە. بەوهۆیەشەوە داوا لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، رووسیاو ئەمریکا کراوە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەن و جینۆسایدی دەرسیم بەڵگەدار بکەن و تورکیا ناچار بکەن تا زەمانەت بدات.

هەر لە راگەیاندراوەکەدا خواستراوە کە شوێنی بەخاکسپاردنی سەید رەزا رێبەری سەرهەڵدانی دەرسیم دەستنیشان بکرێ.

شاراوە نیە کە ساڵی ١٩٣٧ و ١٩٣٨ بەهۆی سەرهەڵدانی دەرسیم کە سەید رەزای دەرسیمی رێبەرایەتی دەکرد، سوپای تورک رەشەکوژی لەهەمبەر کورد بەرێوەبرد، رێبەری سەرهەلدانەکەشی گرت و لەسێدارەی دا کە تا ئێستاش نازاندرێ کە تەرمی ئەو شەهیدە نەمرە لە کوێ بەخاک سپاردراوە.

جێگەی ئاماژەیە لەوەتەی ئەرمەنیەکان پشتیوانی نێودەوڵەتیان بەدەست هێناوەو قڕکردنی ئەرمەنیەکان بەدەستی سوپای عوسمانلی لە ساڵی ١٩١٥ بە جینۆساید ناسێندراوە، چالاکڤانانی بواری دۆزی کوردستان هەوڵی شێلگیرانە دەدەن تا ئەو کارەساتەنەی کە دەرهەق بە کوردستانیان ئەنجام دراون بناسێندرێن، رەشەکوژی دەرسیم و شالاوی ئەنفالکردنی کوردی باشورو کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک جینۆساید پەسند بکرێن.

هەرچەندە گومانی ئەوە ناکرێ کە لەم بارودۆخەدا دەوڵەتی تورکیا وەڵامی ئەو پرسە بداتەوە، بەڵام ئاماژەیەکی ئەرێنیە تا لە داهاتوودا باشترو بەرفراوانتر کار لەسەر ئەو کارەساتانە بکرێ کە داگیرکارانی کوردستان دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە.

ئەگەر ئێستاش لەبەر رەوشی هەستەوەری تورکیاو بەرژوەندەکانی نێوان تورکیاو وڵاتانی زلهێز رەشەکوژی دەرسیم و کارەساتەکانی دیکە بە جینۆساید نەناسێندرێن و دەوڵەتی تورکیا ناچار نەکرێ کە ئەو رەشەکوژیە لە ئەستۆ بگرێ و قەرەبووی نەتەوەی کورد بکاتەوە، ئەوە لە داهاتوودا ئەگەر رەوشێکی باشتری نێودەوڵەتی هەبێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گوشارەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە.

گرنگی پێکهێنانی کۆنفرانس لەسەر ئەو کارەساتانەو زیندووکردنەوەی ئەو رووداوانە لەوەدایە کە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دان بەوە دابنێ کە یەکێک لە وڵاتە داگیرکارەکان جینۆسایدیان دژ بە کورد بەرێوە بردووە، ئیدی بەرپرسیارێتی پاراستنی نەتەوەی کورد بەنێو دەوڵەتی دەسپێردرێ، ئەوکاتە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستانی پشت و پەنای جیهانی بۆ پەیدا دەبێ.

**ئازاد محەمەد**

# وەزیرێکی عێراقی هەوڵی ناردنە دەرەوەی ٣٣ ملیۆن دۆلار دەدات

هەفتەی رابردوو ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویان کردەوە کە پۆلیسی گومرگی خاڵی سنووری تربیل کەسێکیان دەستگیر کردووە کە ٢٢٨ هەزار دۆلارو ١٠٠ هەزار یۆرو ٣٠ ملیۆن دیناری عێراقی پێبووە.

ماڵپەڕی مەلەف نێت بڵاوی کردۆتەوە کە دەستگیرکراوە گوتویەتی ئەو پارەیە هی وەزیری دارایی عێراقەو رەوانەی دەرەوەی دەکات!

بەگوێرەی هەواڵەکان دەستگیرکراوە رایگەیاندووە کە چوار ئۆتۆمۆبیلی گەورە پڕ پارە کراون و رەوانەی دەرەوەی عێراق کراون کە کۆی گشتی ٣٣ ملیۆن دۆلار بووەو هی وەزیری دارایی و حزبەکەی بووە!

هەرچەندە تا ئێستا هیچ لێدوانێکی فەرمی لەلایەن باقر جەبر سۆلاغی وەزیری دارایی حکومەتی عێراق بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام ئەگەری زۆر هەیە کە بەرپرسانی عێراقی لە ترسی لیژنەی چاودێری دارایی هەوڵی ئەوە بدەن کە سەرمایەکانی خۆیان رەوانەی دەرەوە بکەن.

وێڕای ئەوانەشەوە چاودێران پێیانوایە کە بەرپرسانی عێراقی هەوڵی ئەوە دەدەن کە باڵاخانەو موڵکی تایبەت لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپیدا بکڕن، بەوهۆیەشەوە لەبەرچاوان ون دەکرێن و دەشاردرێنەوە.

بەرپرسانی ئێستای عێراق زۆربەیان پێشتر لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپیدا ژیاون، شوێن و پێگەی



تایبەتیان لەو وڵاتانەدا هەیە، بەتایبەتیش باقر جەبر سۆلاغ کە ماوەیەکی زۆر لە وڵاتی سوریادا بەرپرسی پێوەندیەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە عێراق بوو، کە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم سەرۆکایەتی دەکات.

دوای رووخاندنی رژێمی سەدام و هاتنە سەرکاری ئەوانەی وەک بەرهەڵستکاری بەعس ناسرابوون، راگەیاندنەکانی نێوەخۆو جیهانی بەتایبەتیش راگەیاندنەکانی ئەمریکی زۆر بە بەرفراوانی باس لەو گەندەڵیانە دەکەن کە بەرپرسانی عێراقی بە رۆژی رووناک ئەنجامی دەدەن، تا ئێستاش دەیان بەرپرسی عێراقی بەهۆی ئەوەی لەلایەن دادگەوە داواکراون، وڵاتیان بەجێهێشتووەو لە وڵاتانی جیهاندا نیشتەجێ بوونە.

هەندێک لەوانەی کە لیژنەی نەزاهەت و لایەنی دادوەری تۆمەتباریان دەکەن، تۆمەتەکان رەت دەکەنەوەو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هۆکاری سیاسی لەپشت تۆمەتبارکردنیانەوە هەیە، بەوهۆیەشەوە خۆیان رادەستی دادگە ناکەن.

شیمانەی ئەوە هەیە کە ئەگەر وەزیری دارایی عێراقی هەوڵی ناردنە دەرەوەی سی و سێ ملیۆن دۆلاریشی دابێ، ئەوە کێشەیەکی گەورە بۆ خۆی و حزبەکەی دروست نابێ، چونکە زۆربەی بەرپرسانی عێراقی بە دزینی ماڵی دەوڵەت و گەندەڵکاری تۆمەتبار کراون و لێپرسینەوەی شێلگیرانەش لەگەڵ کەسیاندا نەکراوە.

ئێستا کۆکردنەوەی سەروەت و سامان لەلایەن بەرپرسانی عێراقی وەکو مۆدێلی لێهاتووە، هەربۆیەش ئەوانەی کە پۆستی بەرپرسیارێتی وەردەگرن، سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا ناکەن. لە پێوەند بە سامانی بەرپرسەکان، رۆژانە ئاژانسەکانی هەواڵ باس لە گەندەڵکاریەکان دەکەن، بەبەرچاوی خەڵکەوە باڵاخانەو کۆمپانیا دروست دەکەن، بەڵام کەسێک ناتوانێ دەرگەی دادگەیان لێبگرێ، ئەمەش وەکو پەتایێکی کوشندەی لێهاتووە، ئەگەر کار بەو شێوە بڕوات، رێ لەو گەندەڵکاریە نەگیرێ، یان رێ لەو دەنگۆیانە نەگیرێ، بێهیوایی بە رێژەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە، زیان بە داهاتوو دەگەیەنێ.

**هیوا سلێمان**

# پێکهێنانی هەرێمی بەسرە لە بەرژەوەندی هەرێمەکان تەواو دەبێ

دوای ئەوەی وائیل عەبدول لەتیف پەرلەمانتاری عێراقی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقدا بابەتی پێکهێنانی هەرێمی بەسرەی هێنایەگۆڕی، نوێنەرانی شیعەو هێزە سیاسیەکانی بەسەر چەندین سەنگەر دابەش کرد، هەندێک پێیانوایە کە بۆ بابەتی ریکلام و پروپاگەندەی هەڵبژاردن هێنراوەتە گۆڕێ، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە پێگەیەکی یاسایی و دەستووری هەیە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە بەهۆی جیاوازی و ناکۆکی لەنێوان هێزە سیاسیەکانەوە، پارێزگای بەسرە دووچاری کێشەو گرفتی گەورە بۆتەوە، تەنیا بە پێکهێنانی هەرێمێکی سەربەخۆ یەکلایی دەبێتەوە.

خەیروڵڵا بەسری یەکێک لە پەرلەمانتارانی عێراق پێشنیارەکەی وائیل عەبدول لەتیف بە رەوا دادەنێ و پشتیوانی لێدەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە پارێزگاری بەسرەو سەرۆکی هۆزەکانی پارێزگای بەسرەش پشتیوانی تەواو لەو پرۆژەیە دەکەن، بەڵام ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی عێراق کە عەبدولعەزیز ئەلحەکیم رێبەرایەتی دەکات بە توندی دژی ئەو پرۆژەیە دەوەستێتەوەو داوای پێکهێنانی هەرێمی باشوور دەکات کە نۆ پارێزگا لە خۆی بگرێ.

رەوتی سەدرو حزبی فەزیلە کە ئەوانیش خۆیان بە خاوەنی پارێزگای بەسرە دەزانن، پشتیوانی لەو پرۆژەیە ناکەن، بەڵام بەگوێرەی هەواڵەکان نزیکەی ١٠٠ هەزار




ئیمزای خەڵکی بەسرە کۆکراونەتەوەو داوای پێکهێنانی هەرێمێکی سەربەخۆ دەکەن. هەرچەندە تا ئێستا هێزەکانی کوردستان بەتایبەتیش لیستی هاوپەیمانی کوردستانی رای خۆی سەبارەت بەو پرۆژەیە دیاری نەکردووەو نازاندرێ کە ئەگەر لە داهاتوودا بوو بە رۆژەڤی دانیشتنەکانی پەرلەمانی عێراقی، پشتیوانی لێ دەکەن یان نا؟! بەڵام هەندێک لە پەرلەمانتارانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان حەز بە پێکهێنانی هەرێمی بەسرە دەکەن، چونکە لەوکاتەدا پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزو جێگیرتر دەبێ، بەڵام بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لەنێوان ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، روون نیە کە ئایا رێ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەدەن کە دەنگ بۆ هەرێمێکی سەربەخۆی بەسرە بدەن یان نا؟!

هەندێک لە پەرلەمانتاران و سیاسەتمەدارانی عێراق لەروانگەی ئەوەی کە پێکهێنانی هەرێمەکان لەسەر بنەمای رەگەزی و تایفی پەسند نیە، رەوایەتی بە پێکهێنانی هەرێمی بەسرە دەدەن و پشتیوانیشی لێدەکەن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە بەتووندی پێکهێنانی هەرێمی باشور لە نۆ پارێزگا رەت دەکەنەوە، بە سەرەتای دابەشبوونی عێراقی دادەنێن، بەڵام دیسانیشەوە دەزانن کە ئیدی دەرفەتێک بۆ حکومەتێکی ناوەندی بەهێز نەماوەتەوەو هەموو پێکهاتەکانی عێراق داوای ماف و دەستەڵاتی خۆیان دەکەن، ئەمەش تەنیا بە پێکهێنانی هەرێمەکان مسۆگەر دەبێ.

هەرچەندە کە پێکهێنانی هەرێمی بەسرە وەک هەنگاوی یەکەم بۆ وەرگرتنەوەی بەشێک لە دەستەڵاتی ناوەند سوودو قازانج بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ، بەڵام کێشەی کوردستانیان لەوەدایە کە یاسای هەرێمەکان جێ بگرێ و هەنگاوی کردەیی بۆ بە فیدراڵی کردن هەڵبگیرێتەوە، بەتایبەتیش لەم کاتەدا کە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق هەوڵی بەهێزکردنەوەی ناوەندو بەرفراوان کردنی دەستەڵاتی ناوەند دەدات.

**رۆژی گەل**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com